# The ethnic question of the province of Mosul in the negotiations of the Congress of Lausanne in the light of British documents

Samaan Hussein Ahmad[1], Ranjdar Mohammed Aziz[2]
[1]University of Sulaimani, [2]Halabja University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2581kq.03*
*Published: 2/3/2025*

***Abstract***

*The issue of the Mosul vilayet that so called the Mosul question was one of the most complicated matters during the course of negotiations at the Lausanne Conference. This question did not settle at the conference, but it was finally resolved through the involvement of the League of Nations. The ethnic ground consideration was one of the most significant parts of discussion, as the disputed parties of Britain and Turkey aimed to use it in their interests and purposes. To this end, both sides tried to influence the question and support their standpoints, through providing their own statistics, unreasonable and inaccurate justifications. So, this research aims to investigate this issue. In two main sections, this research attempts to discuss the question of the Mosul vilayet at the conference and then considering the ethnic ground in the negotiations. Thereafter, it worked on analyzing the topics and information of memorandums and reports which were considered in the discussions by disputed parties. Therefore, it examined the reliability of those information and data that provided in these discussions, by comparatively concerning the ethnic situation and looking through the historical sources, in order to investigate the accuracy and subjectivity of the existence. Eventually, it reached several conclusions that are presented in the study.*

***Keywords**: The ethnic , province of Mosul , Congress of Lausanne , British documents*

# پرسی ئیتنیی ویلایەتی موسڵ لە گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامە بەریتانییەکاندا

پ.د.سامان حسێن ئەحمەد / زانکۆی سلێمانی
پ.ی.د. ڕەنجدەر محمد عزیز / زانکۆی هەڵەبجە

**پوخته**

پرسی ویلایەتی موسڵ، کە بە کێشەی ویلایەتی موسڵ ناسراوە، یەکێک لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی نێو گفتوگۆکانی کۆنگرەی لۆزان بوو، کە لەو کۆنگرەیەدا یەکلانەکرایەوە، بەڵکو دواجار لە ڕێگای کۆمەڵەی گەلانەوە یەکلاکرایەوە. یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی نێو گفتوگۆکانی ئەم پرسە، بریتی بوو لە بنیاتی ئیتنیی ویلایەتەکە، هەردوو لایەنی کێشەکە، کە تورکیا و بەریتانیان، دەیانویست لە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیاندا بەکاریبهێنن. لەم پێناوەشدا، هەردوو لا هەوڵیانداوە لە ڕێگای ئاماری تایبەت بەخۆیان و پاساوی نابابەتی و نادروستەوە کێشەکە بەلای خۆیاندا بشکێننەوە. بۆیە ئەم بابەتە، هەوڵ دەدات، لێکۆڵینەوە لەم ڕووەوە بکات. هەوڵیداوە، لە دوو باسی سەرەکیدا، باس لە پرسی ویلایەتی موسڵ لەو کۆنگرەیەدا بکات و دواتریش پرسی ئیتنی لە گفتوگۆکاندا تێبگات. دوای ئەوەش کاری لەسەر شیتەڵکردنی بابەت و زانیارییەکانی دوو توێی یاداشت و ڕاپۆرتەکانی کردوە، کە لەو گفتوگۆیانەدا هەردوو لا کاریان لەسەر کردوە. هەر لێرەشەوە، کاری لەسەر لەمەحەکدانی زانیاری و داتاکانی نێو ئەو گفتوگۆیانە کردوە، ئەویش بە بەراوردکردنیان لەگەڵ واقعی ئیتنی ئەوکات، بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان بۆ دروستی و بابەتی بوونی لێکۆڵینەوەکە، لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو.

**کلیلی وشەکان : ئیتنی، ویلایەتی موسڵ ، کۆنگرەی لۆزان ، بەڵگەنامەبریتانییەکان**

**پێشەکی**

کۆنگرەی لۆزان لە ئەیلولی ساڵی ١٩٢٢ لە شاری لۆزان بەسترا، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر و دارشتنی پەیمانێکی نوێ لە نێوان تورکیا و هاپەیماناندا، بۆئەوەی لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکانی ناوچەکە و تورکیای ئەوکات بگونجێت. تیایدا، چەندین پرس یەکلاکرانەوە. تەنها بابەتی ویلایەتی موسڵ و دیاریکردنی سنوری عێراقی تازە دامەزراو و سوریا نەبێت، کە بووبوو بە یەکێک لە کێشە هەرە دژوارەکانی نێو کۆنگرەکە. لەو پرسەشدا، بابەتی پێکهاتەی ئێتنیی ویلایەتی موسڵ، بابەتێکی سەرەکی مشتومڕەکان بوو. ئەو لایەنە بوو، کە هەمیشە شاندی بەریتانی ڕەتیدەکردەوە و ڕۆڵی گرنگی لە یەکلانەبوونەوەی کێشەکە هەبوو، دەبووە هۆی ئەوەی کە بۆ کۆمەڵەی گەلان نەنێردرێت.

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە گرنگە، بۆئەوەی لەو هۆکارانە تێبگەین، کە ڕۆڵییان هەبووە لە پرۆسەی دابەشکردنی کوردستان و لکاندنی پارچەی باشوری بە عێراقی عەرەبییەوە. گرنگیشە بۆ ئاشنا بوون بە هەڵوێستی زلهێزەکان و بەتایبەت بەریتانییەکان لەم ڕووەدا. هەروەها گرنگە بۆ تێگەیشتن لە توخمەکانی پێکهێنانی سیاسەت لەم ناوچەیە و گرنگی پێکهاتەی ئێتنیی ناوچەکە لە گەمە سیاسییەکانی ناوچەکەدا. لە لایەکی تریشەوە گرنگە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستییانە بێ بنەمایی و خەوش و کەموکوڕییەکانی کۆنگرەی لۆزان بخرێتە بەرچاو .

ئەم بابەتە بەو هۆکارە هەڵبژێرداوە بۆ لێکۆڵینەوە، جگە لە گرنگی و هەستیاریی بابەتەکە. لەگەڵ ئەوەی لە بارەی لۆزانەوە زۆر کارکراوە، هەروەها لە زۆر ڕووەوە باسکراوە، بەڵام تا ئێستاش بە شێوەیەکی ئەکادیمی کار لەسەر توخمی ئێتنی لە پرسەکەدا نەکراوە و شیتەڵنەکراوە .

ئامانج لەم کارەدا ئەوەیە، بەشێوەیەکی زانستی بە وەڵامی ئەو پرسیارە بگەین، کە ئایا لایەنی ئێتنی چ ڕۆڵێکی هەبووە لە پرسی ویلایەتی موسڵ لە کۆنگرەی لۆزاندا. ئەم پرسە چۆن لە لایەن هەردوو شاندی بەریتانی و عێراقییەوە کاری لەسەر کراوە و کەموکوڕی و خەوشەکانی ئەو پاسا و بیانووانەی کارییان لەسەر کراوە چیبوون.

میتۆدی کارەکەشمان، بە شێوەیەکی سەرەکی زیاتر میتۆدی مێژوویی بووە. هەروەها میتۆدەکانی شیکاری و بەراوردکاری و میتۆدی ڕەخنەییشمان لە هەندێک جومگەی کارەکەدا بەکارهێناوە.

بابەتەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، بەشی یەکەم بۆ ناساندنی کۆنگرەی لۆزان و پرسی ویلایەتی موسڵ بووە لەو کۆنگرەیەدا. هەرچی بەشی دووەمیشە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرسی ئێتنی و گرنگی لە دانوستانەکان لەگەڵ دەرخستنی کەموکوڕی پاساوەکان تەرخانکراوە.

**باسی یەکەم: زەمینەی بەستنی لۆزان و دەرکەوتنی پرسی ویلایەتی موسڵ**

لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٢٢ دا، سوپای یۆنانی شکستێکی گەورەی خوارد، بزاڤی ڕزگاریخوازی تورکی سەرکەوتنی یەکجاری بەدەستهێنا. لێرەشەوە کاتی ئەوە هاتبوو، کە گفتوگۆکانی نێوان

هاوپەیمانان و تورکیا دەستپێبکاتەوە. دۆخی تورکیا لە دوای دوو سەدە جارێکی تر دەستی بە باشبوونەوە کردەوە، بەوەی تەواوی داگیرکەران لەسەر خاکەکەی دەرکرابوون. هەروەها ڕوسیا لێی نزیک بووبوەوە و دۆخی لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا باشتر بوو. لە ڕووی سیاسەتی ناوخۆشدا، بابەتی سوڵتان بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت. لە ١ی تشرینی دووەم ١٩٢٢ دا، سەڵتەنە و بابی عالی هەڵوەشاندەوە، خەلیفە عەبدولمەجیدیش تەنها وەک ڕەمزێکی ئاینی مابووەوە و دەسەڵاتی وڵات بە تەواوی کەوتبووە دەستی کەمالییەکان و ئەنجومەنی نیشتمانی تورکی گەورە. لە بەرامبەریشدا دۆخی هاوپەیمانان باش نەبوو، هەریەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا دووچاری کێشەی ناوخۆیی بووبوون (لازریف ،٢٠١٣: ٣٣٤)، بەم جۆرەش دوای دەرکەوتنی حکومەتێکی نەتەوەیی بەهێز لە تورکیا، بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورک، دوای ئەوەی حکومەتی سوڵتانی لە شانۆی سیاسی و سەربازی لە کۆتایی ١٩٢٢ دا لاوازکرد. ئەمەش دۆخێکی وای هێنایە پێش، کە پێویست بێت، هاوپەیمانان ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ تورکیا ئەنجام بدەن، کە لەگەڵ دۆخی سیاسی نوێدا بگونجێت و شوێنی سیڤەر بگرێتەوە (کەریم ،٢٠٠٨: ٢٤١)، هەربۆیە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاشتەوایی لەو ناوچانەی کە پێشتر لە ژێر سایەی عوسمانیدا بوون و دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ئیدارەدانی تەنگەکان و چاوخشاندنەوە بە جیاوگەکان و داڕشتنەوەی سیڤەر، هاوپەیمانان لەگەڵ تورکیا بەرەو بەستنی پەیمانی لۆزان هەنگاویاننا. ئەوەبوو لە کۆنگرەکەدا، هەریەک لە شاندیی بەریاتنا و فەڕەنسا و ئیتالیا[1]، هەروەها شاندی هەریەک لە ئەمریکا و یۆگسلافیا و ڕۆمانیا و بولگاریا و ئەلبانیا و بەلجیکا و سوید و نەرویج و مەکسیک و یەکێتی سۆڤیەت و بەرازیل بەشداربوون (سیف دین، ٢٠١٠ : ٩٧ – ١٠٢).

کۆنگرەی لۆزان لە ٢٠ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ دەستی پێکرد، هەریەک لە لۆرد کێرزن و عیسمەت پاشا ئینۆنۆ وەک نوێنەرانی تورکیا بەشداربوون. هەر لە سەرەتاوە کرزن سووربوو لەسەر ئەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوە هەیە، لە ژێر دەستی خۆیاندا بێت. وەکو پرسی تراقیا، تەنگەکان، ویلایەتی موسڵ و کەمینەکان( Ali,1997:521) .

بە پێی سروشتی بابەتەکان، کۆبوونەوەکان بۆ دوو قۆناغ دابەشبوون. یەکەمیان لە دەستپێکی کۆنگرەوە دەستپێکرد تا ١٤ ی شوباتی ١٩٢٣. تیایدا گفتوگۆ لەبارەی کێشەکانی لیژنەی یەکەم کرا، کە کرزن سەرۆکایەتی کرد، زیاتر پرسی تراقیا و تەنگەکانی ئەوروپا بوون. بابەتێکی تر پرسی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان بوو، کە زیاتر پرسی ئەرمەنی تێدا وروژێندرا. لەئەنجامدا ئینۆنۆ واژۆی لەسەر پەیمانی پاراستنی کەمینەکان کرد و لێبوردنی گشتی دەرکرد و تورکیا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان. بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی لە تورکیا بە تەواوی ڕەتکردەوە، هەروەها ڕەتیکردەوە، کە باسی کوردەکانی ئەنادۆڵ بکرێت، وەک کەمینە.

[1] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەندامەکان بڕوانە : (سیف دین ،٢٠١٠: ١٠٢)

هاوکات سوربوو لەسەر ئەوەی، تەنها ئەوانەی ناموسڵمانن، وەکو کەمینە ناوببرێن(سیف دین ، ٢٠١٠: ١٠٣-١١٠).

پرســـی ســـنوری باشـــوری تورکیا لەگەڵ ســـوریا و عێراقدا، دوایین پرس بوو، خرایە بەردەم لیژنەی هەرێمایەتی و سـەربازی. ئەمە قورسـترین و ئاڵۆزترین کێشـەی کۆنگرەکە بوو ( سـیف دین ، ٢٠١٠؛ ١١١). بەریتانییەکان بەر لە کۆنگرەکە و لە کاتی کۆنگرەکەشـــدا، بابەتی ویلایەتی موسـڵیان خسـتبووەڕوو، کە دەچێتە سـەر دەوڵەتی عێراق و بۆ هیچ دەوڵەتێکیتر نابێت. یەکێک لە مەرجەکانی کرزن بۆ پەیمانی ئاشـتی لەگەڵ تورکیا ئەوە بوو، کە سـنوری سـوریا و عێراق پارێزراو بێت، نابێت هیچ دەستکارییەکی زەوییەکانی سوریا وعێراق و فەڵەستین بکرێت، کە لە ژێر ئینتیداب دان. ئەمەش ڕوونبوو، کە ئەوان نەیاندەویســـت دەســـەڵاتی تورکیا بۆ موســـڵ بگەڕێتەوە ( لازاریف، ٢٠١٣ : ٣٣٥ – ٣٣٦).

لە بەرامبەریشدا، کەمالییەکان خۆیان بە وابەستەی سیڤەر نەدەزانی و داوای هەڵوەشاندنەویان دەکرد، داوای ئەوەیان دەکرد، ویلایەتی موسڵ تا جەبەل حەمرینیان پێبدرێت (Ali,1997:521 ). ئەوان بە هەموو جۆرێک ئینتیدابیان ڕەتدەکردەوە. ئینۆنۆ دەیگوت: لە دارشـتنی سـنورەکانماندا هیچ حیســـابێکی بۆ ناکەین. ئەو دەیگوت: چۆن دەبێت لەبەر خاتری ئەوەی یەک چارەکی دانیشـــتوانەکەی عەرەبە، ویلایەتەکە بخرێتە پاڵ وڵاتێکی عەرەبی. لە بەرامبەریشـــدا، کرزن دەیگوت: چۆن دەبێت لە بەرخاتری ئەوەی یەک لە دوازدەی دانیشـتوانەکەی تورکە، ویلایەتەکە بۆ تورکیا بگەڕێتەوە ( TNA: FO 371/9061, 1923). هەر بۆیە گفتوگۆکان لە بارەی موسڵەوە چەند جارێک دووبارە بوونەوە. لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٣ دا، ئینۆنۆ بە کرزنی ڕاگەیاند، کە بەبێ موسڵ ناگەڕێتەوە بۆ ئەنکەرا، کرزنیش بە هەموو جۆرێک ڕەتیکردەوە. دوای دە ڕۆژی تر، گفتوگۆکان دووبارە بوونەوە و هەمان هەڵوێســـتی پێشـــوتری بەردەوام بوو، ئەمجارە کرزن هەڕەشـــەی ســـەربازی کرد، دواتریش دۆخەکە بەرەو قســـەی نهێنی لە نێوان ئینۆنۆ و کرزن ڕۆیشـــت (لازاریف،٢٠١٣: ٣٤٠). ئەمە بە ڕوونی لە نامەیەکدا دەردەکەوێت، کرزن و ئینۆنۆ بە تەنها ئەم باســـەیانکردوە و کێشـــەکەیان لە ناوخۆیاندا تاوتوێکردوە، ئەم کێشـەیە بە زارەکی و بە نوسراو دانوستانی زۆری لەسەر کراوە ( TNA: FO 371/10080, 1923).

ســـەرۆکی نوســـینگەی دەرەوە (کرزن) ڕایگەیاند، ئەوان لە کاتی جەنگدا میســـۆپۆتامیایان داگیرکردوە و بەڵێنیان بە گەلەکەی داوە، لە دەستی تورک ڕزگاریان بکەن. پێویستە ئەو بەڵێنە بەرنە ســـەر. پێچەوانەی قســـەکانی ئینۆنۆ، هەروەک بەغدا و بەســـرا دانیشـــتوانی ویلایەتی موســـڵیش ئارەزوی خۆیان بۆ ژیانی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو دەربڕیوە. دواتریش کرزن پشـتبەسـت بە داتای ئەفســەرە سـیاسـییەکانیان، کە لە سـاڵی ١٩١٧ کۆیان کردبووەوە، بە تێبینیە تایبەتەکانی خۆیەوە، جیاوازییەکانی نێوان کورد و تورکی لە ڕووی ڕەگەزییەوە خستەڕوو. دواتر چووەوە سەر ئەو بەڵگانەی دەیسەلمێنن، کە لە سەدەی نۆزدەوە

کوردەکان لە دەســـەڵاتی تورک ڕازی نین و داوای ســـەربەخۆیی دەکەن. هەروەها پەیوەندیی ئابوریشـی ڕەتکردەوە. هاوکات ئەوەی ڕەتکردەوە، کە پێداگری ئەوان لەسـەر موسـڵ پەیوەندی بە هەبوونی نەوت لە ناوچەکەدا هەبێت. لە بەرامبەریشــدا لە کۆبوونەوەی ٢١ و ٢٢ ی لیژنەی پرســـی کەمینە و ســـەربازییەکان، کە بە ســـەرۆکایەتی کرزن کۆبوونەوە، عســـمەت پاشـــا پاساوەکانی لە ڕووی ئیتنی، ئاماری، مێژوویی، سیاسی، جوگرافی، ئابوری و سەربازی لە دژی کرزن خســـتەڕوو. لە کۆبوونەوەی ٢٢ دا گوتی: تورکیا ئینتداب ڕەتدەکاتەوە، گفتوگۆکان هەر بەردەوام بوو (لازریف، ٢٠١٣: ٣٤٢ ).

کێشـــەکە بەو ڕادەیە ئاڵۆز بوو، کە لە یەکێک لە نامەکاندا کرزن، دەڵێت: "تورکیا بە هەموو جۆرێک ئامادەیە بۆ قبوڵکردن یان ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەپێناو گەیشـــتن بە ڕێککەوتنێکی ڕەزامەندانە بەشــێوەیەک بگەینە ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک تەنانەت بە پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سـۆڤیەتیشـدا تەنها بەو مەرجەی ئێمە ویلایەتی موسـڵیان پێبدەین، ئەویش پاسـاوەکانی لەسەر بنەمای چوار خاڵن، ئەو خاڵانەش: ئیتنی، کە من بە توندی ڕەتمکردۆتەوە. مێژوویی، واتا پەیوەندی دوور درێژی ئەوان لەگەڵ ناوچەکە. ئابوری، واتا ئەو ناوچەیە وەکو پێویسـتییەک بۆ ژیانی ئابوری تورکیا لە داهاتودا. چوارەمیش لایەنی ناشـــناڵ پاکتی ئەوان، چونکە پێیانوایە، موسـڵ هاوســـەنگی بۆ هەیبەتی ئەوان و کۆمارەکەیان دروســـتدەکات، بۆیە بە ڕەهایی و بەبێ ئەوەی هیچ جێگرەیەک قبوڵبکەن، دەیانەوێت، بەشـــاری موســـڵیشـــەوە، ئەگەری تێدا نەبێت"( TNA: CO 730/29, 1923)، بەڵام ئەوەی لەو نـامەیەدا ڕوونە ئەوەیە، ئەم پرســـە بۆ بەریتانییەکان زۆر گرنگتربووە، ئەوان بە بابەتی مان و نەمانی خۆیانیان لە ناوچەکەدا زانیوە. لەم بارەشـەوە کرزن، دەڵێت: "بۆچوونی نوسینگەی داگیرگەکان وای لێکردم، بیر لەوە بکەمەوە، ناتوانین دەسـتبەرداری موسـڵ ببین، چونکە ئەوە بە واتای لەدەسـتدانی بەغدایە، لە دەسـتدانی بەغداش واتا ڕوخانی شـــانشـــینی عێراقە، کە ماوەیەکە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕووخانی عەرەبە و دوایین شـکسـتی سیاسـەتی بەریتانیایە لە ڕۆژهەڵات"( TNA: CO 730/29, 1923).

لە بارەی پێداگرییەکانی تورکیا لە بارەی ئەم کێشـــەیە، کرزن دەڵێت: "من پێم ســـەیر بوو، داواکاری تورکەکان بەو ڕادەیە ســـەرنجراکێش بوو، کە دەکرێت، ئەمە ئیلهامبەخش بێت بۆ هەڵچنینی هیوای ئەوان بۆ ســـەرکەوتنێکی فەرمی تورکیا لە ئاســـیا یان ڕەنگە جارێکی تر ئامرازێکی گونجاوی تورکیا بێت بە هاندانی روســـیا، بۆئەوەی لە دواجاردا بە جیهان بڵێن: ئێمە ئەم پێشـنیازەمانکرد بۆ سـازانی ئاشـتی لەگەڵ هاوپەیمانان، بە تایبەت لەگەڵ بەریتانیای مەزن. بڵێن: ئێمە ئامادەبووین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو خاڵێک، تەنها بۆ گەڕانەوەی موســـڵ. بەڵام بۆ خاتری موســـل و نەوتەکەی بەریتانییەکان ئێمەیان بەلاوە ناو و ئاشـــتییان بۆ جیهان ڕەتکردەوە"( TNA: CO 730/29, 1923).

ڕاستییەکەی، توندی شاندی تورکی لەسەر بابەتەکە، وا لە کرزن دەکات، بیر لە دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ بکاتەوە و دەڵێت: "ئەم دوای نیوەڕۆیە، بیرۆکەیەکی وام بۆهات، کە ڕەنگە بۆ ئێمە گونجاو بێت، بەشێک لە داخوازییەکانی تورکیا قبوڵبکەین، بەوەی تەنها بەشە کوردییەکەی ویلایەتی موسڵیان پێبدەین، کە لە پشتی هێڵە شاخاوییەکانەوە، هەروەها کۆیسنجەق و ڕەواندوز و سلێمانیش لە خۆبگرێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەم ناوچانەی کە بۆ موسڵ بمێننەوە، ئامێدییە، لە بەر خاتری ئاشورییەکان. هەروەها شارەکانی موسڵ، هەولێر و کەرکوک، هەروەها هەموو ئەو ناوچە دەشتاییانەی، کە دانیشتوانەکەی عەرەبن(TNA: CO 730/29, 1923).

بەڵام ئەو بیرۆکەیەی کرزن لە بارەی دابەشکردنی ویلایەتی موسڵ و پێدانی هەندێکی بە تورکیا، دوای کۆبوونەوەی لیژنەیەکی تایبەتی بەریتانییەکان ڕەتکرایەوە. ئەمەش لە بەر چەند هۆکارێکی ئەمنی، چونکە بەریتانییەکان، پێیانوابوو، ئەمە سنورەکانی عێراق زیاتر دەخاتە مەترسیەوە. مەترسییان لە پەرچەکردای کورد لەئایندەدا هەبوو، لەو ناوچانە (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا ،٢٠١٧: ٣١٦ بە دواوە).

بە شێوەیەکی گشتی لە تەواوی ماوەی گفتوگۆکاندا، هەریەک لە کرزن و ئینۆنۆ سەلماندیان، کە وەکویەک لەسەر داواکارییەکانیان پێداگرن. ئینۆنۆ دەیگوت: حکومەتەکەی بە هیچ جۆرێک ڕازی نابێت، کە دەستبەرداری ئەو ناوچەیە بێت. لای خۆشیەوە کرزن، دەیگوت: کە حکومەتەکەی تەنانەت ناتوانێت بیریش لەو بکاتەوە، ویلایەتەکە ڕادەستی تورکیا بکات. ئەمەش بەربەستی بۆ گفتوگۆکان دروستکردبوو، تا ڕادەی گەیشتن بە بنبەست، تەنانەت لە پرسەکانی تریشدا. هەربۆیە لە ٤ی فبرایەری ١٩٢٣ تورکیا و هاوپەیمانان ڕێککەوتن لەسەر دوورخستنەوەی پرسی موسڵ بۆ ماوەیەکی کاتی لە بەرنامەکانی کۆنگرەدا (Ali,1997:522)، هەر لەو بارەیەشەوە، ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی، لەو کاتدا لە بارەی ئەم کێشەیەوە لە بابەتێکدا: "دەڵێت: کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتی نزیک دەستیپێکردەوە، درێژەی پێدرایەوە لەگەڵ چارەسەرکردنی برینێکی زۆردا ئینگلیزەکان بە ڕوونی لە وەڵامی تورکەکان لە بارەی موسڵەوە بێزارکەرە، تورکەکان زۆر پێداگرن لەسەر ئەوەی موسڵ بۆ ئەوان بێت، دەڵێن: ئینگلیز دوای ئاگربەستی مۆدرۆس، ئەوێی داگیرکردوە. ئەوان دەڵێن: دوو هەرێمەکەی تریش دەنگیانداوە، بۆ ئەوە سەر بە تورکیا بن، ویلایەتی موسڵیش، کە دانیشتوانەکەی کوردە، زیاتر بەلای تورکدا هاوسۆزە نەک عەرەب. شاندی بەریتانی ئەمڕۆ ڕایگەیاند، ئەوان لەسەر ململانێکانیان لەسەر موسڵ بەردەوام دەبن، تا ئەوکاتەی حکومەتی عێراقی خۆی ڕایدەگەیەنێت ئەوان تەنازولیان بۆ تورکیا لێکردوە"( The New York Times, December 26 1922).

بە گشتی لە لۆزاندا، هەموو خواستەکانی تورکیا دابینکرا، جگە لە ویلایەتی موسڵ. لە بارەی موسڵەوە بەریتانیا و تورکیا، نەیانتوانی سازش و لێکتێگەیشتن بکەن. بڕیاردرا ئەگەر لە ماوەی نۆ مانگی ئایندەدا دانوستانی دوولایەنە نەگیشتە ئەنجام و لێکتێگەیشتن، ئەوا بۆ ناوبژیوانی بابەتەکە بدرێت بە کۆمەڵەی گەلان (مەکداوڵ ،٢٠٠٥: ٢٤٠). ئەوە بوو، دواتر بابەکە چارەسەر

نەبوو و ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرا. لەم پرسەدا، هەمیشە بابەتی پێهاتەی ئیتنیی ناوچەکە یەکێک لەو بابەتانە بووە، کە مشتومرێکی زۆری لەبارەوە کراوە. هەوڵدەدەین، لە باسی داهاتودا تاوتوێیبکەین .

**باسی دووەم :پرسی پێکهاتەی ئیتنیی ویلایەتی موسڵ لە گفتوگۆکانی لۆزاندا**

بەریتانییەکان و تورکەکان لە گفتوگۆکانی لۆزاندا، لە پرسی یەکلاکردنەوەی ویلایەتی موسڵدا، هەمیشە لەو راپۆرتانەی، کە لەم رووەوە لە نێوان خۆیاندا ئاڵگۆڕیانکردون، بۆ بەهێزکردنی بەڵگە و بۆچوونەکانیان، کاریان لەسەر چەند بوارێک کردوە. لەوانەش لایەنەکانی ئیتنی، ستراتیجی، سیاسی و مێژوویی تاوتوێکراون. هەمیشە هۆکاری ئیتنی لە لایەن هەردوو لاوە لە خاڵی یەکەمدا هاتوە و زۆرترین قسەی لە بارەوە کراوە. ئاڵۆزترین پرسی نێوانیان بووە، چونکە ئەم ناوچەیە لە بنەڕەتدا ناوچەیەکی فرە ئیتنی بووە، هەریەک لەم پێکهاتە ئیتنییانەش بە جۆرێک کەوتونەتە خزمەت بەرژەوەندی و ویستە سیاسییەکانی ئەوان، هەوڵیانداوە لە ململانێکانیاندا سودیان لێوەربگرن. ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەو راپۆرت و بەڵگە و پاساوانەدا دەردەکەوێت، کە لەو ماوەیەدا و لەو کۆنگرەیەدا لە نێوان هەردوو لادا کاری لەسەرکراوە، ئەوەیە، کە بە هەموو جۆرێک پەنایان بۆ پرسی ئیتنی لە ناوچەکەدا بردوە، هەوڵیانداوە، لە قازانجی خۆیاندا بە کاریبهێنن. لەم ناوندەشدا، یەکێک لە بابەتە گرنگەکانیان، بریتی بووە لە ئامار و قسەکردن لەسەر ژمارە و رێژەی پێکهاتە و بنیاتی پێکهاتەی ئیتنی ناوچەکە. کە هەریەک لەم دوو لایەنە، هەوڵیانداوە، بۆئەوەی بە مەبەستەکانیان بگەن، رێژە و ئامارەکان لە سوودی خۆیان بخەنە بەردەست و لە ململانێکەیاندا سودی لێوەربگرن. لەم بوارەشدا بەریتانییەکان لە مشتومڕەکانیاندا، لە بارەی پرسی ئیتنی ناوچەکەوە، زیاتر کاریان لەسەر دوو خشتە کردوە. کە رێژەی دانیشتوانی ناوچەکیان لە رووی ئاینی و نەتەوەییەوە خستۆتەڕوو، تیایاندا، کۆی دانیشتوانی ویلایەتەکەیان لە ١٩١٩ دا بە ٧٠٣ هەزار و لە ساڵی ١٩٢١دا بە ٧٨٤ هەزار خەمڵاندوە. هۆکاری زیادبوونەکەشیان روونکردۆتەوە و خشتەکانیش بەم جۆرە بوون[٢]:

خشتەی (١) دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی ئایین بە پێی خەمڵاندنی ساڵی ١٩١٩

| | سونە | شیعە | جولەکە | مەسیحی | ئاینی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ٢٤٤٧٨١ | ١٧١٨٠ | ٧٦٣٥ | ٥٠٦٧٠ | ٣٠١٨٠ | ٣٥٠٣٧٨ |
| هەولێر | ٩٦١٠٠ | ٠٠٠٠ | ٤٨٠٠ | ٤١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٦٠٠٠ |
| کەرکوک | ٨٥٠٠٠ | ٥٠٠٠ | ١٤٠٠ | ٦٠٠ | ٠٠٠ | ٩٢٠٠٠ |
| سلێمانی | ١٥٣٩٠٠ | ٠٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ | ٠٠٠ | ١٥٥٠٠٠ |
| سەرجەم | ٥٧٩٧١٨ | ٢٢١٨٠ | ١٤٨٣٥ | ٥٥٤٧٠ | ٣١١٨٠ | ٧٠٣٣٧٨ |

[٢] بڕوانە : (TNA: FO 608/869, 1922)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

خشتەی (٢) دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە گوێرەی ڕەگەز بە پێی خەملاندنی ١٩٢١

| | عەرەب | کورد | تورک | مەسیحی | جولەکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ١٧٠٦٦٣ | ١٧٩٨٢٠ | ١٤٨٩٥ | ٥٧٤٢٥ | ٩٦٦٥ | ٤٣٢٤٦٨ |
| هەولێر | ٥١٠٠ | ٧٧٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | ٤١٠٠ | ٤٨٠٠ | ١٠٦٠٠٠ |
| کەرکوک | ١٠٠٠٠ | ٤٥٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ٦٠٠ | ١٤٠٠ | ٩٢٠٠٠ |
| سلێمانی | ٠٠٠ | ١٥٢٩٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠٠ | ١٥٥٠٠٠ |
| سەرجەم | ١٨٥٧٦٣ | ٤٥٤٧٢٠ | ٦٥٨٩٥ | ٦٢٢٢٥ | ١٦٨٦٥ | ٧٨٥٤٦٨ |
| | | | | | | |

لە بەرامبەریشدا تورکەکان ئاماری خۆیان خستۆتەڕوو و بەم جۆرە وەڵامی ڕاپۆرتی ئەوانیان داوەتەوە، کە لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێن: دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە ٥٠٣ هەزار کەس پێکدێت، هۆزە کۆچەرییە کورد و عەرەبەکان، پێکەوە١٧٠ هەزار کەس دەبن. ئەم هۆزانە، بە پێی وەرزەکان شوێنەکانیان دەگۆڕن، بگرە، هەندێک ساڵیش بە تەواوی کۆچدەکەن. بۆیە ئەستەمە ژمارەیان بە دیاریکراوی لە ساڵێکدا بزانرێت، چونکە بە پێی پێویستییەکانیان کۆچدەکەن. جیاواز لەوانەی نەجەف و ناوچە وەرزییەکانی بانی موسڵ و بانەکانی ئێران. لەبەرئەوە گونجاو نییە، کە بە بەشێکی ڕاستەقینەی دانیشتوانی موسڵ دابنرێن.

بە پێی دوایین ئاماری تورکی ٥٠٣ هەزارەکە پێکهاتون لە[٣]:

| | کورد | تورک | عەرەب | ئێزیدییەکان | نا موسڵمانەکان | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنجەقی سلێمانی | ٦٢٨٣٠ | ٣٢٩٦٠ | ٧٢١٠ | ٠٠٠ | ٠٠٠ | ١٠٣٠٠٠ |
| سەنجەقی کەرکوک | ٩٧٠٠٠ | ٧٩٠٠٠ | ٨٠٠٠ | ٠٠٠ | ٠٠٠ | ١٨٤٠٠٠ |
| سەنجەقی موسڵ | ١٠٤٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ٢٨٠٠٠ | ١٨٠٠٠ | ٣١٠٠٠ | ٢١٦٠٠٠ |

[٣] (TNA: FO 424/256, 1923)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کــــــۆی گشتی | ٢٦٣٨٣٠ | ١٤٦٩٦٠ | ٤٣٢١٠ | ١٨٠٠٠ | ٣١٠٠٠ | ٥٠٣٠٠٠ |

دوای خســـتنەڕووی ئەم ئـامـارانە، ئیتر هەر لایەکیـان، کەوتنە ڕەخنەگرتن لە ئـامـاری بەرامبەرەکەیان و هەوڵیاندەدا بە ناڕاســـتی لە قەڵەم بدەن. بۆ نموونە، بەریتانییەکان دەڵێن: بۆ ئەوەی لە ڕادەی ڕاســـتی داتاکانی تورکەکان تێبگەیت و بزانیت چەند هەڵەیە، ئەوەندە بەســـە بڕوانیتە ئاماری ســـەنجەقی ســـلێمانی، کە دەڵێن: زیاتر لە ٧ هەزار عەرەبی لێیە. لە کاتێکدا تەنانەت توندڕەوترین ناســـیۆنالیســـتی عەرەب، ناتوانن لەو ڕاســـتییە لابدەن، کە لە هەموو ســـلێمانی، جگە لە هەندێک بازرگان وەکو شـــەخســـی، ئەگەرنا لەو شـــارەدا عەرەب تێدانییە. هەروەهـا دەڵێـت: لە نیوەی زیـاتری ڕێژەی کورد، تورک لە شـــــارەکەدا هەیە، کە بۆخۆی ژمارەیەکی زۆر کەم تورک یان تورکمان لە ناو شارەکەدا هەیە و چەند خێزانێکی پەرتەوازەش لە لادێکاندا هەیە. بۆیە ئەو ژمارە ١٠٠٠ هەزارەی، کە لە ئامارەی بەریتانییەکاندا هاتوە، ئەوە خەمڵاندنێکی بێلایەنانەیە (TNA: FO 371/10079, 1923). ئەم ڕەخنەیە زۆر لە شـــوێنی خۆیدایە، لەبەرئەوەی هیچکات لە سەرچاوەکاندا باسی ئەوە نەکراوە، ئەو ڕێژە زۆرەی عەرەب و تورک لە شاری سلێمانی هەبێت. هاوکات، ئەم ئامارە، کێشەی تریشی تێدایە، کە بەریتانییەکان باسییان نەکردوە، ئەویش ئەوەیە کە، بە پێی هەموو سەرچاوەکان و بە پێی خشتەکەی خودی بەریتانییەکان خۆشیان ڕێژەی نامسوڵمان لە سلێمانی[٤] و کەرکوک [٥] سفر نەبووە، کە ئەمە جگە لە بێئاگایی ئەوان و مەبەستی سیاسی زیاتر هیچ پاساوێکی نییە .

بە دیوێکی تردا، ئەگەر بڕوانیتە ئەو ئـامـارانەی ســـەرەوە، ئەوا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە هیچیان ئاماری وردنین و هەروەک لازاریڤ گوتویەتی زانســـتی نین (لازاریف ،٢٠١٣: ٣٤٢)، بەڵکو تەنها بە مەبەستی سیاسی پشتیان پێبەستراوە و لەسەر بنەمای واقعی نەبوون. چونکە تاکو ســـاڵی ١٩٤٧ یش لە ناوچەکەدا، ئامارێکی گشـــتگیر و بە وردەکارییەوە لە بارەی لایەنی ئێتنیی ناوچەکە ئەنجامنەدراوە. بەڵکو ئەوەی هەبوون، تەنها کۆمەڵێک خەمڵاندن و مەزەندەکاری بوون، لە چەند کاتێکی جیاوازدا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و ڕاپۆرتی سیاسییەکانی بەریتانیا و خەمڵاندنی گەڕیدەکان بوون(محمد ،١٩٩٨: ٢٨). ئەم ئامارانەی ئەوان لە لۆزاندا خستوویانەتە بەردەســـــت، هەر لەو چوارچێوەیەدا بوون. ئەمەش بە ڕوونی لە مشـــتومڕەکانی خۆیـاندا دەردەکەوێت، کـاتێک پـاســـاو بۆ ئەوە دەهێننەوە، کە ئـامـارەکەی ئەوان وردترە لە ئـامـاری بەرامبەرەکەیان. بۆ نموونە، بەریتانییەکان دەڵێن :"خەڵکی ویلایەتی موسـڵ لە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحییەکان پێکدێن و چەند هەزار ئێزدییەکیشی لێیە.... دەکرێت، ژمارەی هەریەک لەمانە، لە ڕاپۆرتەکانی ئەفسـەرە بەریتانییەکاندا بە دیبکرێن، کە ئەفسـەرەکان بەشـێک لەمانەیان

[٤] بۆ نموونە بڕوانە : ( Heude,1817 :200 )
[٥] بۆ نموونە بڕوانە:( بەغدادی ،٢٠١٤: ١٩ ) کە لە ١٨٢٠ دا هاتۆتە شارەکە

بە سـوارى ولاخ کۆکردۆتەوە، ئەوەى تریان بە هاتوچۆى ماتۆڕ کۆکردۆتەوە، کە زۆر کونوقوژبن لە دواى جەنگ گەڕاون. خشتەى یەکەمیان، خەمڵاندنێکە لە ساڵى ١٩١٩ دا کراوە، تیایدا ژمارەى دانیشتوان بە پێى ئاینەکانیان خراونەتەڕوو. خشتەى دووەمیش، خەمڵاندنێکە ساڵى ١٩٢٢ لە ئەنجامى لێکۆڵینەوەى وردتر و درێژخایەنتر ئامادەکراوە، تیایدا ژمارەى خەڵکەکەیان بە پێى ڕەگەز خستۆتەڕوو. کۆى دانیشتوانى ویلایەتەکە لە ١٩١٩ دا بە ٧٠٣ هەزار و لە ساڵى ١٩٢١دا بە ٧٨٤ هەزار خەمڵێندراوە" (TNA: FO 608/869, 1922).

لە ڕاپۆرتێکى تریشدا، کە وەڵامى شاندى تورکى دراوەتەوە و دەڵێت: "ڕاپۆرتەکەى شاندى تورک هیچ قایلکەر نییە، تەنها پشتیوانى بۆچوونەکانى ئێمەن، بۆیە پێویستە ویلایەتى موسڵ بەشێوەیەکى سروستى وەکو بەشێک لە ناوچەکانى ئینتیدابى عێراق بمێنێتەوە. تێیدا هاتوە، هەرچەندە تورکیا بۆ ماوەى چەند سەدەیەک حوکمى ویلایەتى موسڵى کردوە، بەڵام ویلایەتى موسڵ لە نەخشەیەکى ڕاستودروستى تورکى بوونى نییە. تا ئیستاش، ئەوەندەى شاندى بەریتانى ئاگادار بن، هیچ ئامارێک لەسەر بنەماى ڕەگەز بوونى نییە، کە لە سەردەمى پێشى جەنگە، حکومەتى تورک ئەنجامى دابێت. لەو لاشەوە، لەم چەند ساڵە کەمەى دواییدا، ئەفسەرە بەریتانییەکان نەخشەى وردى تێکڕاى ناوچەکەیان کێشاوە و سەردانى هەموو گۆشەیەکیان کردوە، بەم پێیە، شاندى بەریتانى هۆکارى بەدەستەوەیە، کە پێیوابێت، ئامارەکانى ئەوان لە ئامارى شاندى تورکى وردترە. ئامارى ئەوان هیچ مێژوویەکى لەسەر نییە، ئامارەکانى بەریتانیا کوردانى وڵاتى فارسیان لە خۆنەگرتوە، کە بەشێکى کاتەکانیان لە عێراق بەسەردەبەن. لەبارەى خێڵە کۆچەر و نیمچە کۆچەرە عەرەبەکان، ناوچەکانیان بە تەواوەتى ئاشکرایە، تەنیا عەرەبەکانى ویلایەتى موسڵ خراونەتەڕروو"( TNA: FO 371/10079, 1923 ).

لە بەرامبەریشدا شاندى تورکى وەڵامى ئەو پاساوانەى بەریتانییەکانى داوەتەوە، بەوە دەستپێدەکات، ئامارە تورکییەکان لەبارەى ویلایەتى موسڵ لە ئەنجامى توێژینەوەیەکى تێروتەسەل بوون، کە پێش جەنگى گشتى ئەنجام درابوون. وەک ئەوەى بڵێین، لە کاتێکدا بووە، کە هیچ بەرژەوەندییەکى سیاسى لە تێکدانى ئەنجامى توێژینەوەکەدا نەبووە، بەڵکو ئەمە بە مەبەستى دامەزراندنن بووە لە سوپادا. بۆیە پێویستى بە ئامارى ڕاستودروست بووە، هەر بۆیە دەبێت، وەک ڕاستترین ئامار دابنرێت. ئەوان دەڵێن: "هەموو کەس درک بەوە دەکات، کە سەردانى چەند کاربەدەست و ئەفسەرێکى بەریتانى بەس نییە بۆ بەدەستهێنانى ئامارێکى دروست، هەروەها فەرمانبەرە بەریتانییەکان نەیانتوانیوە بچنە ناو سەنجەقى سلێمانى، ئەو زانیارییانەى لە بارەى ئەم سنجەقەوە پشتیان پێ بەستوە، زیاتر جێگاى گومانن، بەراورد بەوانەى پەیوەندییان بە بەشەکانى ترى ویلایەتى موسڵەوە هەیە"( TNA: FO 424/256, 1923).

لە ڕاستیدا، هەر لە پاساوەکانى خۆیاندا دەردەکەوێت و خۆیان زۆر بە ڕوونى دەڵێن: کە مەبەستى سیاسى لە پشت ئەو ئامارانەوە هەبوو. هاوکات، ئەگەر لە تێبینییەکانى هەر لایەکیان

لەبارەی داتاکانەوە بڕوانین، ئەوا بەرامبەرەکەی بەشـێکی زۆر لە ڕاسـتییان تێدایە، بۆ نموونە، زۆر ڕوونە، ئامارێکی لەم شـێوەیە، بە گەڕیدە و ئەفسـەر ناکرێت، تەنها لە گەشـت و گەڕان و تێپەڕینێکدا چەند زانیارییەکیان کۆکردۆتەوە. گومانی تێدا نییە، ئەو زانیارییانە ورد نەبوون، لە بەرامبەردا ئەوەش ڕوونە، ئەم جۆرە ئامارە و کاری ئامار، کارێک نییە، کە بە مەبەسـتی سەربازی و بە سەربازیکردن ئەنجامدرا بێت، هەر بۆیە ئاشکرایە، لەم ڕووەدا کاری سەربازی هەموو پێکهاتە و چین و توێژ و ڕەگەزەکانی نەگرتۆتەوە و ڕەگەزی مێینە لای ئەوان هەر مەبەستیش نەبووە.

جگە لەمانەش ئەگەر لە کار و پاسـاوەکانی هەردوو لا وردببینەوە، بە ڕوونی دیارە، بەریتانییەکان هەوڵیانداوە، قەبارەی دانیشـتوان زۆرتر دەربخەن. ئەویش بە مەبەسـتی ئەوەی وای بخەنە بەرچاو، کە ئەوانە کەم نین و زۆرن و بە حوکمی تورک ڕازینین. واتە، مەبەسـت لە دەسـتکاریکردنی ڕێژەی دانیشـتوانی نائیسـلام و عەرەب و زیادکردنی لە بەرژەوەندیی مەرامەکانی خۆیاندا دیارە. ئەمە لە ئامارەکەیاندا دەردەکەوێت، کە بەرێژەیەکی زۆر لە ئاماری تورکەکان زیاترە. هەروەها لەو پێداگرییەشـدا دەردەکەوێت، کە لە بارەی هۆزە کۆچەرییەکاندا دەیکات. هەرچەندە ڕەنگە لەم بارەیەوە پاسـاوەکانی ئەوان لە ڕاسـتییەوە نزیکتر بن. لە بەرامبەریشدا تورکەکان هەوڵیانداوە ڕێژەکە کەم نیشانبدەن، بۆئەوەی ڕێژەی ئەوانە کەم بخەنە بەرچاو، کە دژی مەرامەکانی ئەوانن، بە تایبەت عەرەب و ناموسـڵمانەکان. ئەم بابەتەش بە ڕوونی لە خسـتنەڕووی ڕێژەی دانیشـتوان لە شـار و ناوچەکاندا دەردەکەوێت، بەو ڕێژەکەی لەسـەر کۆی دانیشـتوانی ناوچەکەدا خسـتوویانەتە بەردەسـت. هاوکات، ئەوەی لە بارەی هۆزە کۆچەرییەکانەوە دەیڵێن و پێیانوایە، ١٧٠ هەزار دەبن، بەڵام نابێت بە دانیشـتوانی ناوچەکە هەژماربکرێن. ئەویش لەبەر ئەوەبوو، کە کۆچەرییەکان ڕێژەی هەرە زۆریان لە کورد و عەرەب بوون. بەتایبەتی عەرەبەکان، کە کۆچەکەیان بە ئاراسـتەی دەرەوەی سنوری ویلایەتی موسـڵ، بەلای ویلایەتەکانی خواروو بووە. لەبەرئەوەی ئەوان دەیانویسـت ڕێژەی عەرب کەمبکەنەوە، بۆیە هەوڵی زەقکردنەوەی ئەم بابەتەیان داوە. لێرەدا پێویسـتە ئاماژە بەوە بدەین، هۆزە عەرەبییەکان زۆربەیان بەو جۆرە بوون، کە تورکەکان ئاماژەیان پێداوە. بەشـێکی زۆریان لە ناوچەکانی نەجد و حیجازەوە کۆچیانکردوە و لەم ناوچانەوە بۆ ئەم شوێنانەی ویلایەتی موسڵ هاتون و دواتر هێدی هێدی لەم ناوچەیە نیشتەجێکران، بە تایبەتی لەسەردەمی مەدحەت پاشادا (١٨٦٩–١٨٧٢ )دا. هۆزە عەرەبەکانی وەک، شـەمەر، دلێم، عنزە و کەعبی لەو ناوچەیەدا نیشـتەجێبوون، دواتریش ئەم پرۆسـەیە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی فراوانتر بووە (محمد، ١٩٩٨: ٤٣ ).

لە لایەکی تردا، چەند کەلێن و کەموکورییەکی تر لە ئامار و زانیارییەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتانە دەردەکەون، کە لەم بارەوەیەوە بەردەسـتخراون، هەوڵدەدین، لە ڕووی دروسـتی زانیاری و بۆچوونەکان، ڕادەی ڕاستیبوون و واقعی بوونیانەوە بیانخەینەڕوو.

یەکێک لەو بابەتانە، پرسـی عەرەبی ناوچەکەیە. هەریەک لەو دوو لایەنە هەوڵییان داوە، بە پێی ویستی خۆیان کاری لەسەر بکەن و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکەن. لەم ڕووەوە، لە بارەی ڕێژەی عەرەبی ناوچەکەوە بەریتانییەکان دەڵێن: " بە هۆی ئەم لێکۆڵینەوانە دەردەکەوێت، کە زۆرینەی گەورەی شاری موسڵ و زۆربەی خەڵکی ناوچەی باکوری موسڵ لەسەر ڕۆخی ڕاستی ڕوباری دیجلە تا دەگاتە سنوری ویلایەتەکە و هەموو خەڵکی باشوری موسڵ بە لای ڕاستی ڕوبارەکەشدا تا دەگاتە ڕێگای هەولێر و کەرکوک و کفری عەرەبن" ( TNA: FO 608/869, 1922)، ئاشکرایە، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەو ڕەهاییە، تەنها لەعەرەب پێکنەهاتوە. وەک لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلانیشدا هاتوە، جگە لە عەرب ژمارەیەک لە کورد و تورکمانی لێبووە، بەڵام ئاماژەیان پێنەکراوە (پرسی سنوری نێوان تورکیا و عێراق، ٢٠١٢: ١٢٣) بەڵکو لە هەندێک شـوێندا کوردیش بە تێکەڵی لەگەڵ عەرەبدا ژیاون. هەروەها دەڵێن: "هاوکات ئەو بۆچوونەی، کە شاری موسڵ تورکی بێت، پێچەوانەی ئەو نەخشەیەیە لە لایەن بکر سامی بەگەوە، وەک نەخشەی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی لە دانوستانەکانی لەندەن لە ئاداری ١٩٢١ خستییەڕوو. ئەگەرچی لەم نەخشەیەدا، تورک و کورد لە ناوچەیەکی فراوانتر دەژین، کە ڕووبەری ڕاستەقینەیانە، بەڵام بە تەواوی پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکات، لە لایەن بەریتانییەکانەوە لە ڕاپۆرتی ١٤ی مانگ پێشکەشکرا، کە دەڵێت: گەورە شاری موسڵ و هەموو ناوچەکانی باکوری موسڵ لەبەرەی ڕاستی ڕوباری دیجلە تا دەگاتەوە سنوری باکوری ویلایەتەکە و هەموو ئەو ناوچانەی باشوری موسڵ لە بەرەی ڕاستی ڕوباری دیجلە و زۆربەی ناوچەکانی باشوری موسڵ لە بەرەی چەپی ڕوبارەکە تا دەگاتە ڕێگای هەولێر، کەرکوک، کفری لە عەرەب پێکهاتون " (TNA: FO 608/869, 1922).

لە بەرامبەریشدا تورکەکان لە بارەی ڕێژەی عەرەبەوە لە خستنەڕووی داتاکەیاندا، بەم جۆرە وەڵامی بەریتانییەکانیان داوەتەوە:

"ئەم نەخشەیە، ئەوە نیشاندەدات، پێکهاتەی عەرەب پێکهاتەیەکی گرنگی سەنجەقەکانی کەرکوک و سلێمانی نین، لە ناوەڕاستی سەنجەقی موسڵیشدا تەنها ٤٨ هەزار عەرەب هەیە، لە بەرامبەردا بە ١٣٩ هەزار تورک و کورد هەیە.

لە کۆتاییدا، لە تێکڕای ویلایەتی موسڵ لە بەرامبەر ٤١٠ هەزار و ٧٩٠ تورک و کوردا، تەنها ٤٨ هەزار و ٢١٠ عەرەب و ٣١هەزار ناموسڵمان هەیە. زیاد لە ٥/٤ ی دانیشتوانی ویلایەتەکە کورد و تورک بوون و ٥/١ یش عەرەب و ناموسڵمانن"( TNA: FO 424/256, 1923 ).

ئەگەر لەم ئامارەی تورکەکانیش بڕوانیت، ئەوا زۆر بە ڕوونی دیارە، بە پێچەوانەی بەریتانییەکان، هەوڵی تورکەکان بۆ کەمکردنەوەی عەرەب و ناموسڵمان و لە بەرامبەریشدا زیادکردنی ڕێژەی تورکمانەکانە. لە پاڵ ئەویشدا نەیانویستوە، ڕێژەی کورد لە عەرەب و ناموسڵمانەکان کەمتر بن، چونکە ئەوان دەیانگوت: کورد و تورک یەک ڕەگەزن. هاوکات بەو بیانوەی، کە کوردەکان موسڵمانن و لەڕووی باوەڕەوە لەگەڵ ئەواندا یەک باوەڕییان هەیە. جگە

لەوەی کوردێکی زۆریش لە بەشــی باکوری کوردســتان، بێ هیچ بینەوبەردەیەک خراونەتە پاڵ تورکیا، کە لە پەیماننامەی سیڤەردا بڕیاربوو قەوارەیان بۆ دروستبکرێت. کەچی بەریتانییەکان لە پێناو موســڵ، هیچ کێشــەیەکیان لەو بارەیەوە دروســتنەکرد. ئەمە لە پاڵ ئەوەدا، وەک لە دابەشکارییەکەی کرزندا دەردەکەوێت، کە پێشتر باسکرا. بەریتانییەکان کەمتر لە خەمی کورددا بوون، بایەخی زیاتریان بە ناموسڵمانەکان و شوێنە گرنگەکان دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەم جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ ڕێژەی کورددا کردوە. کەچی جارێکی تریش ناڕوونی لە دەربڕینی تورکەکاندا هەیە، چونکە ئەگەر لە دەربڕینەکانی تورکەکان وردبیتەوە، ئەوا ئەوان ناڵێن کورد زۆرینەیە، بەڵکو دەڵێن: کورد و تورکمان زیاترن لە عەرەب و ناموسڵمانەکان.

تورکەکان لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیاندا، لە وەڵامی دابەشــبوونی جوگرافی عەرەبەکان، وەک وەڵامێک و هاوکات ڕەخنەیەک لە زانیاری بەریتانییەکان، گوتویانە: "عەرەبەکانی ویلایەتی موسڵ زۆربەی هەرە زۆریان لە باشوری هێڵی گیارە – شەنگال و وشکانییەکانی لای ڕاستی ڕوباری دیجلەن، جگە لەو ناوچە تەســکەی لێدەربکەی، کە لە نێوان فەتحە و کەرکوک درێژ دەبێتەوە. دانیشــتوانی لای چەپی دیجلە، بە تەواوی کورد و تورکن"( TNA: FO 424/256, 1923). لەم بارەیەوە، ئەوەی ڕاســتی بێت، ئەم زانیارییانەی ئەمان داویانە، واقعیتر و دروســتترە، لەو ناوچەیە شــوێن هەیە تورکمان و کوردن، بەو ڕەهاییە نییە، کە لە ڕاپۆرتی بەریتانییەکاندا باسکراوە، کە هەموویان عەرەبن.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا، تورکەکان گوتویانە: "خەڵک لە شــاری موسڵ، لە هەمان کاتدا، بە تورکی و کوردی و عەرەبی قســەدەکەن، دانیشــتوانی ئەم شــارە، کە ئێســتا بە عەرەبی قســەدەکەن و عەرەبن، لە ڕاســتیدا، تورکن و ماوەیەکی زۆرە بە بەردەوامی پەیوەندییان لەگەڵ کورد و عەرەب هەبووە، ئەو زمانانە فێربوونە، ئەو کەســانەی لە کاروباری عێراق شــارەزان، دەزانن، دانیشــتوانی موســڵ خۆیان بە عەرەب و دانیشــتوانی عێراق نازانن"( TNA: FO 424/256, 1923)، لێرەدا ئەم بۆچوونەی تورکەکان، بەشی یەکەمی لە بارەی هەبوونی کورد و تورکمانە لە پاڵ عەرەبدا لە شاری موسل واقعی و دروستبووە، بەڵام بەشی دووەمی لەگەڵ هیچ بنەما و پێوەرێکی زانستیدا ناگونجێت، زیاتر لە ئەفسانە دەچێت.

لە بەرامبەریشــدا بەریتانییەکان لە وەڵامی تورکەکاندا، لەم بارەیەوە دەڵێن: "بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای پرسیارە، ئەو لێدوانەی تورکەکانە، کە دەڵێت: لیوای موسڵ تەنیا ٢٨ هەزار عەرەبی لێیە، چونکە زۆر بەباشی زانراوە، تەنها لە شاری موسڵدا دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیە عەرەب هەیە. جگە لەو زانیارییانەی کاربەدەســتە بەریتانییەکان، لەم چەند ســاڵەی دواییدا بەدەســتیانهێناوە، هاوکات گەڕیدەکان، لە پێش جەنگەکە، شاری موسڵیان وەکو گەورە شارێکی عەرەب ناساندوە، کەچی داوامان لێدەکەین، بڕوا بکەین. خەڵکەکەی جگە لە کەمێکیان نەبێت، کە بە زمانی عەرەبی قســـە دەکەن و خۆیان بە عەرەب ناو دەبەن لە بنەڕەتدا تورکن، دواتر بە ڕێککەوت فێری عەرەبی بوون"( TNA: FO 424/256, 1923 ). لە ڕاســتیدا ئەم بۆچوونەی بەریتانییەکانیش

بەشـــی یەکەمی نادروســـتە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری گەڕیدەکان لە باســـی موســڵدا، ئەوە باسدەکەن، کە لە پاڵ عەرەبدا تورکمان و کوردیش لە شارەکەدا دەژین[٦]. بەڵام بەشی دووەمی تەواو ڕاســتە، کە ئەو دەربڕینەی تورکەکان لە بارەی ئەوەی، کە عەرەبەکانی موســڵ پێشــتر تورک بووبن و دواتر فێری عەرەبی بووبن، هیچ بنەمایەکی زانستی و لۆجیکی پەسەندیناکات. لەبەرئەوەی عوســمانییەکان خۆیان دەســەڵاتدار بوون و هەر زمانی تورکی زمانی دەســەڵات بووە، ئیتر چۆن دەکەوێتە ژێر باری زمانێکی ترەوە.

لایەنێکی تری ئیتنیی ناوچەکە تورکمان بووە، ئەمە بەشێک لە مشتومڕی نێوان ئەو دوو لایەنە بووە. هەریەکەیان بە پێی بەرژەوەندیی خۆی زانیارییان لەم بارەیەوە خســـتۆتەڕوو. لە بارەی تورکمانەکانەوە بەریتانییەکان دەڵێن: "لەبارەی تورکمانەکان ئەمانە تورکی عوسمانی نین، ئەوان خۆیان بە تورکمان ناودەبەن و ئەو زمانە تۆرانییەی قســـەی پێدەکەن، دەریدەخات کە ئازەربیجانین نەک تورکی قوســـتەنتینییە بن. بێگومان ئەوان لە نەوەی ئەو تورکمانانەن، پێش ئەوەی عوسمانییەکان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابمەزرێنن، هاتونەتە عێراق و ڕەنگە لە نەوەی ئەو تورکمانانە بن، کە خەلیفەی عەباسییەکان بۆ پاراستنی سنورەکانیان دایانمەزراندبوون"( TNA: FO 371/10079, 1923). لێرەدا ئەم بۆچوونەی بەریتانییەکان تا ڕادەیەک ورد و بابەتییانەیە، ئەویش لەبەرئەوەی هاتنی ئەم تورکمانانە بۆ ناوچەکە، بە پێی ســـەرچاوە مێژووییەکان بێت، بە پێ بووە. هەموویان لە ســـەردەمی عوســـمانیدا نەهاتون، بەڵکو هاتنی بەشـــێکیان دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی یازدەی زاینی، دواتریش لە ســـەردەمی عەباســـییەکان و ســـەردەمەکانی دواتریش کە ســـەردەمی چەند دەســـەڵاتێکی تری تورکمانی بووە لە ناوچەکەدا (عبدالرحمن ،٢٠٢٠: ١٢–٢٠ ) لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلانیشـــدا جەخت لەوەکراوەتەوە، ئەم تورکمانانە بە ماوەیەکی مێژوویی دوور و درێژ، پێش هاتنی عوســـمانییەکان، لە ناوچەکەدا هەبوون (پرســـی ســـنوری نێوان تورکیا و عێراق، ٢٠١٢: ١٥٧ بە دواوە )، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، لە دوای هاتنی عوسمانییەکان و باڵادەستییان بە سەر ناوچەکەدا، هەندێک تایبەتمەندی نیشتەجێبوون، لە لایەن تورکە عوسمانییەکان دەرکەوتون، هەندێک ناوچە لە لایەن سەرکردە و فەرمانبەرە گەورە تورکەکانەوە دروستکراون. کە پێشتر نەبوون یان ناوچەی هۆزە کوردەکان بوون و ئەوان ئاوەدانیانکردونەتەوە و ناوی تورکییان بەسەردا بڕیون (عبدالرحمن ،٢٠٢٠: ١٢–٢٠ ) هاوکات لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلاندا جەخت لەوە کراوەتەوە، حوکمڕانی ماوە درێژی عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا وایکردوە، کە خەڵکی هەندێک لە ناوەندی شارەکانی وەکو هەولێر و کەرکوک، تەنانەت کرستیانەکانیش، بە تورکی عوسمانی بدوێن.

هەر لەم بارەشـــەوە بەریتانییەکان دەڵێن: "ئەوەی پشـــتیوانی ئەو بۆچوونەمانە، ئەمانە نەوەی بەکرێگیراوە بیانییەکانن، شـــوێنی دابەشـــبوونەکەیان، لە تەلەعفەر بە نزیکەیی شـــارێکی تەواو تورکمانە و ٤٥ میل کەوتۆتە خۆرئاوای موسڵەوە، لە سنوری بیابانی سوریا. جگە لەم شارە و

[٦] بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : (قاشا، ٢٠٠٩:٢٨-٣٢)

گوندە تورکمانە دراوســێکانی کۆمەڵێک تورکمانی تریش لە دەشــتی موســڵ بڵاوبوونەتەوە. هەموو تورکمانەکان بەســەر هێڵی ڕێگای خۆرهەڵاتی موســڵ بۆ بەغدا دابەشــبوون، تایبەت بەدەوری شارەکانی هەولێر و ئاڵتون کۆپری و کەرکوک و تازەخورماتو، داقوق، دوزخورماتو، کفری و قەرەتەپەوەن. ژمارەی خەملێنراویان بەم جۆرەیە: تەلەعفەر و گوندەکانی دەوروبەری دە هەزار، گوندەکانی دەشــتی موســڵ ٤٨٩٥، کەرکوک و گوندەکانی دەوروبەری ٢٥ هەزار، لە کفری تا قەرەتەپە ١٠٠٠٠، هەولێر و ئاڵتون کۆپری ١٥٠٠٠، بە لێدەرکردنی ئەو ژمارە کەمەی لە سلێمانی هەیە ٦٤٨٩٥ کەسن" (TNA: FO 371/10079, 1923).

بەریتانییەکان دەڵێن: "ڕێژەی تورکمان بە بەراورد لەگەڵ عەرەبەکان، دەتوانرێت، بگوترێت: ژمارەی تورکمان لە تەواوی ویلایەتی موسڵ لە ژمارەی عەرەبەکانی ناو شاری موسڵ بە تەنیا کەمترە... بە پێی خەمڵاندنەکان ژمارەی کورد دوو ئەوەندەی ژمارەی عەرەبەکانی ویلایەتی موســـڵ و حەوت ئەوەندەی ژمارەی تورکمانەکانی ویلایەتەکەیە، کوردەکان بە هێڵێک لە عەرەبەکان جیادەبنەوە، کە بەگشــتی بەو شــارە تورکمانیانە نیشــاندەدرێت، کە لەســەرەوە باســکران. لە ســەروی ئەوانەوە، پێدەشــتی چیاکان جیایاندەکاتەوە" (TNA: FO 608/869, 1922)، لەم پرســەدا، کە پەیوەندی بە تورکمانەکانەوە هەیە، بەریتانییەکان تا ڕادەیەک هاوســەنگییان پاراســتوە. هەرچەندە ڕەنگە هەوڵی کەمکردنەوەی ڕێژەی تورکمانیان دابێت، کەچی دەبیندرێت، لە دابەشــبوونە جوگرافییەکەیاندا بە شــێوەیەکی هاوســەنگ باســیانکردوە. هەرچەندە لێرەشــدا هەوڵدراوە ڕێژەی کورد لە بەرامبەر ڕێژەی عەرەب کەمبکرێتەوە، ئەگەرنا چۆن لەو کاتەدا ڕێژەی کورد دوو ئەوەندەی ژمارەی عەرەب بووە لە ویلایەتەکەدا. ئەویش هەر بەو مەبەستەی بیســەلمێنن ڕێژەی عەرەب لە ویلایەتەکەدا زۆرە و پێویستە بخرێتە ســەر عێراقی عەرەبی. هاوکات ناڕوونییەکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە، باســـی ئەوە نەکراوە، زۆربەی ئەو شــوێنانەدا، ئەوان بە ناوچەی عەرەب نشــین یان تورکمان نشــین دایانناوە، کوردیش تیایدا نیشتەجێبووە، کەچی لە باسی جولەکە و مەسیحییەکاندا ئەمە باسکراوە.

لە وەڵامی بابەتی تورکمانیشــدا تورکەکان گوتویانە: "یاداشــتە بەریتانییەکە دانی بەوەشــدا ناوە، تەلەعفەر شارێکی تورکییە و ژمارەیەکی زۆر گوندی تورکی بە دەورەی موسڵدا هەیە، ناحیەی chian کە لکێندراوە بە موسڵەوە لە ٦٨ کۆمەڵگا پێکهاتوە، سەر بە ئەشەر سێتکە، ئەویش ٧٨ کۆمەڵگا لە خۆدەگرێت، بە تەواوی تورکن. ناحییەکەش ڕاســتەوخۆ ســەر بە موســڵە و لە ٧٧ کۆمەڵگا پێکهاتوە، بە شێوەیەکی بەرچاو دانیشتوانەکەی لە تورک پێهاتون.

ئەو گوندانەی لە دەوری موســـڵیش هەن، بە تەواوی ناوی تورکییان هەیە، بەڵگەیەکی دیکەی سەلماندنی ئەوەیە، کە باسمانکرد" (TNA: FO 424/256, 1923).

هەروەها دەڵێن:"لەبارەی گوندەکانی دەوروپشــتی موسڵ، ئەمانە نەک تەنها ناوەکانیان تورکییە، بەڵکو دانیشـــتوانەکەشـــیان تورکن، کە خودی بەریتانییەکان... دانیان بە بوونی تورک لە دەوروبەری موسڵدا ناوە.

یاداشـــتنامە تورکییەکەی ٢٣ ی کانونی یەکەم دیاریدەکات، کە عەرەبەکان لەم ویلایەتەدا پەرتوبڵاوبوونەتەوە و زانیاری ورد لە بارەی دانیشـــتوانی موســـڵ و دەوروبەری دەدات"( TNA: FO 424/256, 1923).

لە درێژەی باســـەکەیاندا دەڵێن: "لەبارەی تورکەکانی ویلایەتی موســـڵ دەبێت، بڵێین: ئەو جیاوازییەی دەخوازن، لە نێوان ئەوان وتورکەکانی ئەنادۆڵ دروســـتیبکەن. لە ڕاســـتیدا، بە هیچ شـــێوەیەک بوونی نییە، لە یاداشـــتە بەریتانییەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، ئەو زمانە تورکییەی لە موسڵدا قسەی پێدەکرێت، هاوشێوەی ئەوەی قوستەنتینییە نییە. بەڵام لە ئەنادۆڵ شوێنێک هەیە، کە خەڵکەکەی بە تورکییەک قسەدەکات، هاوشێوەی ئەوەی قوستەنتینییە. لە لایەکی دیکەوە ئەو شێوەزارەی، کە لە لایەن تورکەکانی موسڵەوە بەکاردێت، هاوشێوەی شیوەزاری ئەنادۆڵییەکانە. جیاوازی نێوانیان لەو جیاوازییە کەمترە کە لە نێوان ئەو فەرەنسییەی لە باکور قسەی پێدەکرێت لەگەڵ ئەوەی لە باشـــور قســـەی پێدەکرێت. هەروەها ئاســـاییە لە بەشـــە جیاوازەکانی وڵاتێکدا هەمان زمان چەند جیاوازییەک نیشانبدات. لەبارەی ئەو جیاوازییەی لە نێوان تورک و تورکماندا هەیە، بڕوامانوایە، چوونە ناو بابەتێکە، کە ســازشــی مێژوویی لەســەر گرنگ نییە، تەنها ئەوەندە بەســە، بڵێین: تورکەکانی ئەنادۆل و ئەو دوو وشــەیەش ئاماژەن بۆ هەمان شت"( TNA: FO 424/256, 1923).

لە کۆتاییشــدا دەڵێن: "ئیعتیبارە ئیتنییەکانی ســـەرەوە بەســـن بۆ ئەوەی نیشـــانیبدەن، ویلایەتی موســڵ پێویســـتە بۆ ســـەر تورکیا بگەڕێتەوە. هەبوونی ئەو ژمارە دانیشـتوانە تورکەی لە ناو ویلایەتی موسڵدا هەیە ڕەتیدەکاتەوە ئەو شارە بەشێک لە عێراق بێت" ( TNA: FO 424/256, 1923).

لێرەشـــــدا بە هەمان شـــێوەی بەریتانییەکان، تورکەکان هەوڵیانداوە، لە بەرامبەردا قەبارەی تورکەکان بە شـــێوەیەکی زۆر گەورە بخەنە بەرچاو. هەروەها ئەمانیش، کە باس لەو ناوچە تورکمان نشینانە دەکەن، ئەوە باسناکەن، کە کوردیش هاوکات لە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەدا هەبوون. پێویســـتە ئەوەش بگوترێت، ئەو پاســـاوەی ئاماژە بەوە دەدات، لەبەرئەوەی ئەو گوندانەی دەوروپشتی موسڵ ناویان تورکییە بۆیە تورکن، بۆ ئەوکات پاساوێکی زۆر بێ بنەما بووە. ئەگەر بەو پێیە بوایە، زۆربەی نـاوچەکـانی تری کوردســـتـان و نـاوچەکـانی تری ژێر دەســـەڵاتی عوســـمانیش ئەم دیاردەیان تێدا بووە. کەچی دانیشـــتوانەکەیشـــی تورک نەبوون. ئەویش لە ئەنجامی باڵادەســـتی ماوە درێژی دەوڵەتی عوســـمانی تورکی بەســـەر ناوچەکەدا دروستبووە.

نـاموســـڵمـانەکان یەکێکی تر بوون، لەپێکهێنەرانی پێکهاتەی ئیتنیی نـاوچەکە، لە گفتوگۆکـاندا جێگای مشـتومڕبوون. لەم پرســەدا بەریتانییەکان زۆر گرنگیان پێداون، هەوڵییانداوە وەک دژە تورکێک زەقیانبکەنەوە، بەو پاســاوەی، ئەمانە لە ژێر ســایەی دەســەڵاتی عوســمانیدا چەوســاوە بوون، تورکیا ناتوانێت مافەکانیان دەســتەبەربکات، ئەمان دژی ئەوەن بچنەوە پاڵ تورکیا. بۆیە

لەم بارەیەوە، دەڵێن: "دانیشـــتوانە نا ئیســـلامەکان هەرچەندە بە تێکڕایی لە ژمارەی تورکەکان زیاترن، بەڵام پێویستناکات بە وردەکارییەکی زۆرەوە باسیانبکەین خەملاَندنەکان بەم جۆرەن:
ئێزدی (ڕەنگە بە بنەچە کوردبن، بەڵام باوەڕێکی نا ئیسلامیان هەیە)، ٣٠٠٠٠.
مەسیحی (زۆربەیان ئاشورین و هەندێک نەستوری و کەمێک کاتۆلیکییان تێدایە)، ٦٢٢٢٥ .
جولەکە ( ١٨٨٦٥)" (TNA: FO 608/869, 1922).
ئەوان دەڵێن: "بەشی زۆری ئێزیدییەکان لە چیای شەنگال دەژین، بەڵام لە باشوری خۆرهەڵاتی موسڵیش گوندی ئێزدی زۆری لێیە، مەسیحییەکان بە زۆری لە ناو شـاری موسـڵ و ناوچەی هەولێر هەن، لە زنجیرە گوندێکدا، کە تلکێف و ئەلقش گەورەترینیانن لە بەری خۆرهەڵاتی دیجلە و لە ناوچەی دهۆک و ئامێدیش هەن. زۆربەی جولەکەکان لە شاری موسڵ دەژین، بەڵام جفاتی جولەکە لە شـــاری کوردی و تورکمانیش بەدیدەکرێن. هەروەها خێزانی تاک و تەراش لە ناو خێڵە کوردییەکاندا هەیە" (TNA: FO 371/10079, 1923)، ئەوەی لەم پرسـەدا زۆر جێگای هەڵوەستەیە بابەتی ئێزیدییەکانە، بەریتانییەکان بە مەبەست و بۆ زیادکردنی ڕێژەی ناموسڵمان، هەوڵیانداوە ئێزیدی لەگەڵ ناموسڵمانەکاندا هەژماربکەن. لێرەشدا به گومانەوە گوتویانە ڕەنگە بە بنەچە کوردبن" ئێزدی (ڕەنگە بە بنەچە کورد بن، بەڵام باوەڕێکی نا ئیســـلامیان هەیە)" لەو کاتەدا، خۆیان زۆر بە باشـــی زانیویانە، ئەمانە کوردن. ئەمیش جارێکی تر لەبەرئەوە بووە ڕێژەی دژە تورک زیـادبکەن و هـاوکـات ئەوان زۆر بە تەنـگ زیـادبوونی ڕێژەی کوردەوە نەبوون، بەقەد ئەوەی ناموسـڵمانەکان بۆ ئەوان گرنگ بوون، بە تایبەتی، کە کرزن لە بیرۆکەی دابەشـکردنی ویلایەتەکەدا، بە ڕوونی ئەمەی خسـتۆتەڕوو. هاوکات لەوێدا و لە چەند شـوێنێکی تردا دەردەکەوێت، بۆ ئەوان ئاشورییەکان و ناوچەکانی وەک ناوچەی شەنگال و خودی موسڵ و نـاوچە نەوتییەکـانی ویلایەتە گرنگبووە. هەربۆیە جێگـای هەڵوەســـتە و ســـەرنجە، کە بەریتـانییەکان لە کاتێکدا ئەوە بۆچوونیـان هەبووە، لەو مـاوەیەدا چەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئێزدییەکانەوە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە ئەنجامدراوە، تیایدا باســـی ئەوە کراوە، کە ســـروت و دەقە ئاینییەکانیان بە زمانی کوردین. بۆ نمونە، لێرەدا ئاماژە بە یەکێکیان دەکەین، ئەویش ئا. مەینگانای بەریتانییە، بابەتێکی لە یەکێک لە بەناوبانگترین گۆڤارەکانی ئەو کاتەی بەریتانیا بڵاوکردۆتەوە و گوتویەتی: کە بەشـــی هەرە زۆری دەق و ســـــروتە ئاینییەکانیان بە زمانی کوردین. (Mingana,1921:117-119).

ئەمە جگە لەوەی، هەر ئەو هەوڵە سیاسیانە، وایکردوە، لەم بارەیەوە دژیەکی و ناتەبایی لە بۆچوونەکانیان دەربکەوێت، چونکە هەر لە هەمان مشتومڕ و ڕاپۆرت گۆڕینەوەدا
بەریتانییەکان بۆ خۆیان گوتویانە :" لە ناو کوردەکاندا ٣٠٠٠٠ ئێزیدی هەن، کە لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە کوردن، بەڵام لە ڕووی باوەڕەوە جیاوازن، هیچ سۆزێکیان بۆ تورک نییە "( TNA: FO 371/10079, 1923)، واتا دووفاقەییەکی ڕوون دیارە.

لەبەرامبەردا، هەرچەندە مەبەستی لە پشتەوە بووە، بابەتەکە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ناموسڵمانەکان بووە، بەڵام بۆچوونی تورکەکان لەبارەی ئێزیدییەکانەوە لە بۆچوونی بەریتانییەکان دروستتربووە، کە لەسەرەوە باسکرا. چونکە تورکەکان لەم بارەیەوە گوتویانە: "ئێزیدییەکان بە رەگەز کوردن، داب و نەریتییان بە هەمان شێوەی ئەوانە، تەنها جیاوازی مەزهەبی لە نێوانیان هەیە، ناتوانرێت، بە هیچ شێوەیەک ئەمە بە بەڵگە دابنرێت بۆ ئەوەی لە یەکتر جیابکرێنەوە"(TNA: FO 424/256, 1923 ).

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، ئەوەیە، هیچ لایەکیان لە باسی موسڵ و دەوروبەریدا باسی ئەو کەمینانەی تریان نەکردوە، کە لە دەشتی موسڵدا ژیاون، وەک شەبەک و کاکەیی (Salloum ,2019 :15-17) کە لە دواتردا لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلاندا بە ڕوونی باسکراو (ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان، ١١٤- ١١٧)

بابەتێکی تر، کە لەو ڕاپۆرتانەدا جێگای مشتومڕی نێوان هەردوو شاندی بەریتانی و تورکی بووە، ناوچەی عەشایر سەبعەیە، کە بەریتانییەکان لەم بارەیەوە دەڵێن: "ئەوان دەیانەوێت بە ناوی تورکی هەندێک ناوچەوە ناسنامەی تورکبوونی ناوچەیەک بسەلمێنن، کە ناوەکەی بە تەواوەتی عەرەبییە (عەشایر سەبعە)، ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێی: دیاربکر و مەمورات العەزیز عەرەبی و قوستەنتینییە و ئەدریناپۆل و کۆنییە و ئەنکەرا یۆنانین" ( TNA: FO 608/869, 1922).

لە بەرامبەریشدا تورکەکان دەڵێن: "ئەو ناوچەیەی بە سەبعە یان موتەلیفە ناوبراون تەنها کورد و تورکن، ئەوانەی کە تورکن، دەزانن و دان بەوەدا دەنین، کە ئەم دوو وشە ئاوێتەیە دەستەواژەیەکن، دەتوانرێت، لە زمانی تورکیشدا بەکاربێت، بەبێ ئەوەی مەبەستی بەکارهێنانەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە عەرەبەکانەوە هەبێت" (TNA: FO 424/256, 1923)، لێرەشدا بۆچوونی تورکەکان لە ڕاستییەوە نزیکترە، لەبەرئەوەی ڕاستە ئەو ناوە عەرەبییە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردبوون و تورکمانیشی تێدا بووە. ئەم ڕاستییە لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گەلاندا زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێدراوە، بەڵام لێرەشدا تورکەکان وەک هەمیشە گوتویانە دانیشتوانەکەی کورد و تورکن، نەیان گوتوە، زۆرینە کوردن و کەمینەی تریشی تێدایە، بەڵام باسنەکراون.

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە لەم ململانێیەدا، زۆر کاری لەسەر کراوە، پرسی ڕەچەڵەکی کوردە. هەریەک لەم دوو لایەنە، لە پێناو مەرامە سیاسییەکانی خۆیاندا، بە سەر هەڵەی مێژووی و لۆجیکی گەورەدا کەوتون. لەم بارەیەوە، لەم ڕووەشەوە تەنها ویستوویانە، ئەوە بسەلمێنن، کە خۆیان ویستوویانە و بۆچوونی بەرامبەرەکەیان بۆچەڵبکەنەوە. هەربۆیە زۆرجار هەوڵی شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکانیان داوە و پەنایان بۆ لێکدانەوەی ناواقعی و نابابەتی بردوە. بەریتانییەکان لە ڕاپۆرتەکەیاندا لەم ڕووەوە دەڵێن: "بڕوا وایە، کوردەکان لە نەوەی مادەکان بن کە لە ڕابوردودا زۆر لە فارسەکان نزیک بوون، بەڵام ئەمە ڕاست بێت یان نا بە زمانی ئێرانی

قسەدەکەن و نزیکییان لەگەڵ فارسەکاندا هەیە. زۆر لە تورک و عەرەب لە فارسەوە نزیکترن" (TNA: FO 608/869, 1922)، ئەوان دەڵێن: "کە شاندە تورکییەکە نەیتوانی بەم بیانوانەی لای سەرەوە دۆسیەکەی بەهێزبکات، بانگەشەیەکی سەرسوڕهێنەری کرد و گوتییان: کورد و تورک یەک ریشەن، کە شاندەکە ناتوانن چاوەڕێی ئەوە بن، بڕوا بەو جۆرە بانگەشەیە بەرامبەر بە گەلێک بکرێت، کە بە زمانی ئێرانی قسەدەکەن، پەیوەندییەکی بەهێزییان بە فارسەوە هەیە، نەریتە نەتەوەییەکانیان لە هی تورک ناچێت، بە تایبەتی بۆچوونیان لە بارەی ژنەوە ئەوەندە جیاوازە، کە تەنها بەم جیاوازییە دەتواندرێت، جیاوازی ڕەگەزی نێوان تورک و کورد نیشانبدرێت. تەنانەت لە ڕووی جەستەییەوە بەجۆرێک جیاوازن، ئەگەر گەشتیارێک بە ناوچەکەدا بڕوات، هەر بە تەماشاکردنی ڕوخساری کەسەکان دەتوانێت، بزانێت گوندەکە تورکییە یان کوردیی. بەڵام ئەوەندە بەسە بگوترێت: ئەم بانگەشەیە، هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی یان بەڵگەیەکی دیکەی نییە، تاوەکو سەنگێکی هەبێت. کوردەکان خۆیان بە گاڵتەپێکردنەوە ڕەتیدەکەنە. هەر ۆیە هەمان بۆچوونی پێشوترمان هەیە، ئەویش ئەوەیە، تاکە پێکهاتەیەک کە دەکرێت لە ڕووی ڕەگەزەوە بە دانیشتوانی ئەنادۆڵەوە ببەسترێتەوە تورکمانەکانن، کە تەنها یەک لەسەر دوازدەی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێکدەهێنن" (TNA: FO 608/869, 1922) . لێرەدا بەریتانییەکان لە ڕەتکردنەوەی پەیوەندیی نەژادی و ڕەگەزی نێوان تورک و کورددا ورد و بابەتی بوون. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، بە دڵنیاییشەوە ناڵێن: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و گومانێک لەوەدا دەهێڵنەوە. بەڵکو وای باسدەکەن، کە ڕەنگە لە نەوەی مادەکان بن. ئەگەر واش نەبێت، ئەوا ئەوان پەیوەندییان بە فارسەوە پتەوترە وەک ئەوەی بە تورک. ئەمە لە کاتێکدا، لەو ماوەیەدا پرسی نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد بابەتێک بوو، چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورەی وەکو تیۆدۆر نۆلدکەی (١٨٣٦–١٩٣٠ ) ئەڵمانی و مارتن هارتمانی ئەڵمانی (١٨٥١–١٩١٩) فرانز هێنریک وایزمانی ئەڵمانی (١٨٦٥– ١٩٤٤) سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوون لەم بارەیەوە. لەوە دەرچووبوو، کە ئەمان بەشێکبن لە فارس یان عەرەب[7] . ئەمە جگە لەوەی جی. ئاڕ درایڤەر، کە بۆخۆی لەو ماوەیەدا ئەفسەر بوو لە سوپای بەریتانی و پسپۆری بواری مێژوو بوو. لەو کاتەدا سەرقاڵی دەرخستنی پەیوەندی نێوان کورد و کاردۆخییەکان بوو. لەو بارەیەوە چەند بابەتێکی نوسیبوو(درایڤەر ، ٢٠٠٥: ٥٧–٦١) هەروەها مارک سایکس، مێجەر سۆن، ج.ئی هۆبەرد و دەبلیو ئاڕ هەی یش لەو کاتەدا باسی ئەویان کردوە، کە کورد ئارین و بۆ میدییەکان دەگەڕینەوە، هەریەکن لەگەڵ ئەوانەی، کە کەزەنەفۆن بە کاردۆکی باسی کردون (سایکس،٢٠٠٧: ٢٩؛هي،١٩٧٣: ٥٣؛ Hubbard ,1917 ) :312-313 ؛ soan,?:368)، کەواتە ئەم بابەتە لەو کاتەدا بەوجۆرەش ناڕوون نەبوو، کە ئەوان ئاماژەیان پێداوە. هەر خودی بەریتانییەکان خۆیان کاری زۆرییان لە بارەوە کردبوو. بەڵام ئەم خۆ بێئاگاکردنە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەو ماوەیەدا بابەتی کورد وەکو نەتەوەیەک بۆ

[7] بڕوانە :(احمد ،١٩٨٤: ١٢٥ بە دواوە )

بەریتانییەکان زۆر مەبەســـــت نەمابوو، کە دواتر مافی نەتەوەیی هەبێت و مافی دامەزراندنی قەوارەیەکی سـیاسـی هەبێت، چونکە خزمەتی بە بەرژەوەندییە سـیاسـییە نوێیەکانیان نەدەکرد، لەبەرئەوەی ئەوان پارچەکەی باکوریان بۆ تورکیا یەکلاکردبۆوە، لە هەوڵی ئەوەشـــــدا بوون پارجەکەی باشور، کە ویلایەتی موسڵ بوو، بە عێراقی عەرەبییەوە بلکێنن.
لە ڕاســـــتیدا، لە بارەی بابەتی نەژادی کوردەوە، وەڵامی تورکەکان لەوەی بەریتانییەکان زیاتر جێگای هەڵوەستەیە، کە دەڵێن: "ئەو کەسانەی بە ئەنادۆڵدا گەڕاون و گەشتیانکردوە، دەزانن لە ڕوانگەی زمـانی بـاو و دابونەریتەکـانەوە کوردەکـان لە هیچ ڕوویەکەوە جیـاوازییـان لەگەڵ تورکەکاندا نییە، تەنانەت ئەگەر زمانیش جیاواز بێت ،ئەم دوو نەتەوەیە لە ڕووی نەژاد و باوەڕ و ئەخلاقەوە یەک پارچە پێکدەهێنن، ئەمە ڕوونە، ڕاگەیاندنمان لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد، شاندە بەریتانییەکەی ســەرســامکرد، کەسـێک ئەگەر بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ نوسـراوی کوردسـتان لە ئینســـایکلۆپیدیای لۆرەیندا دەبینێت، ئەو زانیارییانە هەمان ئەو زانیارییانەن کە لە لایەن ئێمەوە خـراونەتەڕوو"( TNA: FO 424/256, 1923 ) هەروەهـا هـاتـوە "بە پـێـچەوانەوە ئەو جەختکردنەوانەی لە یاداشــتە بەریتانییەکەدا هەن، ئەوەیە کوردەکان ڕەگ و ڕیشــەیان ئێرانین، بە پیچەوانەی ڕەگ و ڕیشـــــەی تۆرانییەکـان. ئەم بۆچوونە لە ئێســـــتـادا لە لایەن زۆربەی مێژوونوســــەکان، کە لەم بابەتە دەکۆڵنەوە باســـکراوە، نوســـینە مێخییەکان زۆر کات باســـی کاردۆسییەکان دەکەن، کە بە یەکسانی لەگەڵ سورییەکان، هیتییەکان، سایانییەکان، ئیلامییەکان و ئەکەدییەکـان ژیـاون"( TNA: FO 424/256, 1923 ).  ئەم بۆچوونە بۆ ئەوکـاتە، کە ڕەچەڵکناســـی هەنگاوێکی باشـــی بڕی بوو و تەنگی بە بیروبۆچوونە خوڕافییەکان هەڵچنیبوو، بابەتێکی زۆر ناواقعی و نادروســــتبووە، بە ڕادەیەک، کە خودی تورکەکان بۆخۆشـــــیان لەم بابەتەدا شــــێواوی و دژیەکی لە بۆچوونەکانیان دەردەکەوێت، ئەمە بە ڕوونی دیارە. ئەم کارە، تەنها بۆ مەبەســتێک کراوە. چونکە وەکو پێشــتر باســکرا بابەتی بەســتنەوەی نەژادی کورد بە گەلانی دێرینی ناوچەکانی کوردســـتانی کۆنەوە، لەو کاتەدا، کاری زۆری لەســـەر کرابوو. ئەمە جگە لەوەی کە هەر خودی دەربڕین و قســــەکانی ئەوان لەم ڕووەوە پڕبووە لە دووفاقەیی و دژیەکی، چونکە ئەوان دەڵێن: کورد و تورک لە ڕووی زمـانی بـاو و دابونەریت و ئەخلاقەوە جیاوازییان نییە، هەر دوای ئەوە دەڵێن: ئەگەر زمانیش جیاوازبێت، ئەم دوو نەتەوەیە، لە ڕووی نەژاد و بـاوەڕ وئەخلاقەوە هەریەک پـارچە پێکـدێنن. کەواتە، خۆیـان دەڵێن: زمـان جیـاوزە، دواتریش دەڵێن: ئەم دوو نەتەوەیە. بەم پێیە، هەر خۆیـان دەڵێن دوو نەتەوەن. ئەگەر دوو نەتەوە بن، چۆن جیاواز نابن؟ ئەمە جگە لەوەی ڕوون و ئاشـــــکرابووە، لەو کاتەدا ئەم دوو نەتەوەیە، تەنها لە باوەڕدا یەکبوون. ئەویش هەموو کورد نا، بەڵام لە تەواوی لایەنەکانی وەک، نەریت و ئەخلاق جیاوازبوون. لەم بارەیەوە پاسـاوی بەریتانییەکان دروسـتتربووە، لە پاسـاوی تورکەکان. هەرچەند ئەوانیش بابەتەکەیان یەکلانەکردۆتەوە و باس لە پەیوەندی توندی نێوان فارس و کورد دەکەن، ئەمەش وەکو پێشتر باسکرا، بۆ ئەوکات نادروستبووە. لە لایەکی ترەوە،

لەو شوێنەی باسی نوسینە مێخییەکان دەکەن، تورکەکان بە هەمان شێوەی پێشوو، بێ ئەوەی ئاگاداربووبن، کورد وەکو ڕەچەڵک جیادەکەنەوە. لەبەرئەوەی ئەوان دەڵێن: کاردۆسییەکان کە مەبەست کاردۆکییەکانە و بە باوانی کوردیان داناون، لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکەدا بە یەکسانی ژیاون، ئەمەش هیچ بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئەمان لەگەڵ ئەو گەلانەدا یەکبووبن، بەڵکو زیاتر بەڵگەی ئەوەیە جیاواز بوون.

یەکێک لەو ڕاستییانەی، کە لەم گفتوگۆیانەدا دەرکەوتوە ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکانی هەردوو لا لە دەستکاریکردنی داتاکان و شێواندنی ڕاستییەکان بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەلام نەیانتوانیوە، ئەو ڕاستییە بگۆڕن، کە کورد زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکەیە. لەم بارەیەوە، لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەیاندا، بەریتانییەکان دەڵێن: "بەمەش بابەتی شاندە تورکییەکە لەبارەی بایەخە ئیتنییەکان لەمەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

ئەوان داوادەکەن، کە دەبێت لەگەڵ تورکەکانی ئاسیای بچووکدا یەکبخرێن، تەنیا یەک لەسەر دوازدەی خەڵکی ناوچەکە تورکمانن، لەگەڵیاندا دەبێت خەڵکی سەر بە ڕەگەزی دیکە بخرێتەسەریان، کە بە نزیکەیی حەوت لە دوازدەیان کوردن، ئامانە هیچ نزیکییان لەگەڵ تورکەکاندا نییە، جگە لە ئاینی هاوبەش نەبێت. هەروەها سێ لە دوازدە عەرەبن، ئەوان نەک تەنها لە رەگەز و زمان جیاوازن لە تورک، بەڵکو بە هۆی زمان و ڕەگەز و هاوسۆزییەوە زۆر بە توندی بە خەڵکی بەغدا و بەسراوە بەستراونەتەوە. هاوکات یەک لە دوازدەیان نائیسلامن. هەرچەندە لە ناو خۆیاندا جیاوازن، بەڵام تاکە یەک پەیوەندی ڕەگەزی، زمان، ئاین، یاخود کەلتوری هاوبەشییان لەگەڵ تورکدا نییە" (TNA: FO 608/869, 1922). لەگەڵ ئەوەدا تورکەکانیش دەڵێن: "لە کۆتاییدا لە تێکڕای ویلایەتی موسڵ لە بەرامبەر ٤١٠ هەزار و ٧٩٠ تورک و کوردا تەنها ٤٨ هەزار و ٢١٠ عەرەب و ٣١هەزار ناموسڵمان هەن. زیاد لە ٥/٤ ی دانیشتوانی ویلایەتەکە کورد و تورک بوون و ٥/١ یش عەرەب و ناموسڵمانن" ( TNA: FO 424/256, 1923) بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، هیچ لایەنێکیان باسیان لەوە نەکردوە، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە زۆرینەی کوردە مافی ئەوەی هەیە قەوارەیەکی کوردی تێدا دروستبکرێت. بەڵکو زیاتر بە پێی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بابەتەکەیان وروژاندوە. بەو بیانوەی تورک و کورد یەک ڕەگەزن و هاوباوەڕن، تورکەکان هەوڵیانداوە، ئەم پارچەیە بیخەنە سەر تورکیای نوێ، لە بەرامبەریشدا بەریتانییەکان هەوڵیانداوە بەڵێنەکانی خۆیان بۆ دامەزراندنی عێراقی عەرەبی لە ژێر ئینتیدابی خۆیان بەرنەسەر و کورد بە قوربانی ئەم مەرامەی خۆیان بکەن.

**ئەنجامەکان**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین لەوانە :

١- پرسی یەکلاکردنەوەی ویلایەتی موسڵ بەلای تورکیای نوێ و عێراقی تازە دامەزراودا، ئاڵۆزترین کێشەی نێوان شاندی بەریتانی و شاندی تورکی بووە لە کۆنگرەی لۆزاندا.

٢- یەکێک لەو بابەتانەی کە هەردوو شـــاندی بەریتانی و تورکی لە ململانێکانیان لەبارەی ویلایەتی موســـل دەســـتیان بۆی بردوە، بابەتی ئیتنی بووە، کە هەمیشـــە خاڵی یەکەمی گفتوگۆکانیان بووە و گەرمترین مشتومڕی لێکەوتۆتەوە.
٣- لە پرســـی ئیتنیدا، هەردوو لا پەنایان بۆ ئامارگەلێکی نازانســـتی و نابابەتی بردوە، هیچ کام لەو ئامارانە لە ماوەی خودی کێشەکە و بە سەردانی مەیدانی ئەنجام نەدراون.
٤- لەم پرسەدا هەرلایەک هەوڵیداوە، زۆرێک لە ڕاستییەکان بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی بشـێوێنێت و ژمارەکان لە بەرژەوەندیی خۆیدا بخاتەروو. وەک، ئەنجامێکیش بۆ تێکەڵکردنی بابەتەکان بە ئامانجە سـیاسـییەکانیانەوە، هەریەک لەو دوو شـاندە دوو چاری هەڵەی زەقی زانستی و لۆجیکی بوونەتەوە.
٥-ئەوەی لەم بابەتەدا دەرکەوت، هیچ لایەکییان بە مەبەســـتی دەســـتەبەرکردنی مافەکانیان دەســـتیان بۆ پرســـی ئیتنی نەبردوە، تەنها ئاشـــوورییەکان نەبێت، ئەویش بە ڕادەیەکی کەم. ئەگەرنا دەســـــتەبەرکردنی مافی پێکهاتە ئیتنییەکان، هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە. لەم بابەتەدا تەنانەت پرس و ڕاش بە هیچ یەکێک لەو پێکهاتە ئیتنییانە نەکراوە، بەڵکو تەنها کار لە سەر ئەو ئامار و خشتە و زانیارییانە کراوە، کە هەردوو لا خۆیان مەبەستییانبووە

## سەرچاوەکان

1 - بە کوردی


- بەغدادی، مونشـــی.( ٢٠١٤)، ســـەفەرنامەی مونشـــی بەغدادی لە تەک مســـتەر ریچدا (١٨٢٠)، وەرگێڕانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، موکریان، هەولێر .
- درایڤر، گ.ر. (٢٠٠٥)، درایڤەر و کورد (کۆمەڵەی پێنج وتار و. ئەنوەر سوڵتانی ژین، سلێمانی.
- ســـەیفەدین، بەیار مســـــتەفا. (٢٠١٠)، ســـیاســـەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان (١٩٢٣-١٩٢٦) و. سەرمەد ئەحمەد هەولێر.
- عبدالرحمن، کاروان فتاح(٢٠٢٠)، ڕەوشـــی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی تورکمان لە باشـــوری کوردســـتان ١٩٦٨-٢٠٠٣) توێژینەوەیەکی مێژووی- ســیاســییە، بەشـــی مێژوو زانکۆی سلێمانی، دکتۆرا بلاونەکراوە).
- کرد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا .(٢٠١٧) و. پاســـار شـــێرکۆ ودیار ئەکرەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی شڤان.

- مەکداوڵ دیڤید. (٢٠٠٥) ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، و. لە فارســـییەوە ئەبو بەکر خۆشناو ،هەولێر.
- ویلایەتی موسڵ، کۆمەڵەی نەتەوەکان، جنیف ٢٠/ئابی /١٩٢٥، پرسی سنوری نێوان تورکیا عێراق، ٢٠١٢، وەرگێڕانی، مینه.

2 - بە عەرەبی

– احمد, جمال رشيد(؟) ، دراسات كورديه فى بلاد سوبارتو ، بغداد ،
– إسـكندر، سـعد بشـير.(٢٠٠٧)، من التخطيط الى التجزئة سـياسـة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، سليمانية، بنكةي زين.
– ســــايكس، مارك (٢٠٠٧)، القبائل الكردية في الإمبراطورية العثمانية ت. خليل علي مراد، سوريا.
– قاشــــا، ســـهيل.(٢٠٠٩), الموصـــــل في مذكرات الرحالة الأجانب خلال الحكم العثماني، بيروت.

– كريم، عمر محمد محمد.( ٢٠٠٨)، القضـية الكردية في الصـراع البريطاني العراقي ١٩١٨-١٩٣٢، سليمانية.

- لازريف م .س. (٢٠١٣ )، الامبريالية والمسألة الكوردية، ت. عبدى حاجي، أربيل.

- محمد، خليل إسـماعيل.(١ ٩٩٨)، أقليم كردسـتان دراسـة في التكوين القومي للسـكان، أربيل.

– هي، دبليو.ار.(١٩٧٣), سنتان فى كوردستان (١٩١٨-١٩٢٠)ت. فواد جميل، بغداد.

٣- بە ئینگلیزی

–TNA: FO 371/9061, ‘Curzon’s speech at Lausanne respecting Mosul’, 23 January 1923.
–TNA: FO 371/10080 ‘Lausanne Conference’, January and March 1923.
TNA: CO 730/29, ‘Telegram by Curzon’, 14 December 1922.

TNA: FO 608/869, 'Memorandum on Mosul by Curzon at the Lausanne Conference,' 14 December 1922.
-TNA: FO 424/256, 'Lausanne Conference', January and March 1923.
TNA: FO 371/10079, 'Lausanne Conference', 1923.
- *The New York Times*, 'fight for Mosul due at lausanne', December 26 , 1922.
-Ali,Othman. ( 1997), 'The Kurds and the Lausanne Peace Negotiations, 1922-1923', Middle Eastern Studies, 33, no. 3 (1997), pp. 521-534.
-Heude ,William.( 1819), A Voyage up the Persian Gulf and a Journey overland from India to England in 1817, London .
-Hubbard G.E.(1917), from gulf to Ararat an expedition through Mesopotamia and kurdstan ,new York
-Mingana,A.( jan1921) secred book of the yezidis , journal of the royal Asiatic social of great britian and Ireland no1.
-Salloum Saad, (2019), beyond isis history and futuerof minorities in Iraq.
-Soan e.b.(?) ,to Mesopotamia and kurdistan in disguisewith historical notices of Kurdish tribe and chaldeans of Kurdistan.

**Abbreviation letters:** واتای\ی پیتە کورتکراوەکان

CO Colonial Office
FO Foreign Office
TNA The National Archives

# المسألة العرقية في الموصل في مناقشات مؤتمر لوزان في ضوء الوثائق البريطانية

سامان حسين أحمد / جامعة السليمانية
أستاذ مساعد رنجدار محمد عزيز / جامعة حلبجة

**ملخص:**
كانت قضية ولاية الموصل، المعروفة بمشكلة ولاية الموصل، واحدة من أكثر القضايا تعقيدا في مفاوضات مؤتمر لوزان والتي لم يتم حلها في ذلك المؤتمر. وكانت إحدى القضايا الأكثر أهمية في المناقشات هي البنية العرقية للدولة، والتي أراد كل من جانبي الصراع في تركيا وبريطانيا استغلالها لصالحه. ولتحقيق هذه الغاية، حاول كل طرف حل المشكلة من خلال إحصائياته الخاصة واتهامات غير ذات صلة وغير صحيحة. لذلك تحاول هذه المقالة دراسة هذه القضية، وتحاول من خلال مناقشتين رئيسيتين فهم قضية محافظة الموصل في المؤتمر، ثم القضية العرقية في المناقشات. ثم عمل على تحليل محتويات مجموعتي المذكرات والتقارير التي عمل عليها الطرفان، ومن هنا عمل على اختبار المعلومات والبيانات في هذه المناقشات، ومقارنتها بالواقع العرقي في ذلك الوقت.

الكلمات المفتاحية: العرق، ولاية الموصل، مؤتمر لوزان، الوثائق البريطانية